## لەلێدوانیاندا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

# سەرۆکی وەفدی ی.ن.ک: ئێمە نووسینگە ناکەینەوە، بەڵکو مەڵبەندو لق دەکەینەوە

# سەرۆکی وەفدی پ.د.ک: خولی داهاتووی ئەنجومەن، خولێکی ئینتیقالی دەبێت

دوابەدوای کۆبوونەوەکەیان هەردوو وەفدی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان دایەوە.

سەرەتا دەربارەی ئەو پێشکەوتنانەی کە بڕیاربوو لەو کۆبوونەوەیەدا بەدیبێت د.ڕۆژ نوری شاوەیس ڕوونیکردەوە کە ئەو کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتووبوو، هەروەها وتی: باسی زۆر خاڵمان کرد بەتایبەتی ئەو خاڵانەی کە پەیوەندییان بەئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە هەیەو لەسەر زۆر خاڵ ڕێککەوتووین و ڕەنگە چەند خاڵێکی بچوك مابێت کە پێویست بەزیاتر بیر لێکردنەوەو لێکۆڵینەوە بکات، دەربارەی سەقفێکی زەمەنیش د.ڕۆژ نوری شاوەیس ئاماژەی بەوەکرد کە کۆبوونەوەی داهاتووی هەردوولا لەکاتێکی زۆر نزیکدا ئەنجام دەدرێت تاکو هەنگاوی خێراتر بهاوێژرێت، بۆ ئەوەی ئەو کاتەی دەستنیشانکراوە بۆ یەکەم دانیشتنی ئەنجومەن جارێکیتر دوانەخرێت.

هەروەها د.ڕۆژ ڕایگەیاند" کە بۆ مەسەلەی ئەنجومەن بڕیاردراوە کە ناوەکەی هەروەکو خۆی بمێنێتەوەو خولی داهاتووی ئەنجومەن-یش خولێکی ئینتیقالی دەبێت.

پاشان د.کەمال فوئاد دەربارەی ئاکامی کۆبوونەوەکە ڕوونیکردەوە کە ئاکامی کۆبوونەوەکان پێشکەوتنی تێدابوو، ئێمە هەنگاوی باشمان بەرەو پێشەوە ناوە، بڕیارمان داوە لەکاتێکی نزیکدا کۆببینەوەو هەوڵ بدەین ئەو ڕۆژەی کە دامانناوە بۆ دەستپێکردن بەکۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان نەیگۆڕین، بەڵام جارێ بەزووی دەزانین کە بڵاوی بکەینەوە کەی کۆدەبینەوە، هەروەها حەز ناکەین لەوەزیاتر قسەبکەین تاکو لەسەر هەموو خاڵەکان ڕێکدەکەوین.

سەبارەت بەکردنەوەی نووسینگەکانی هەردوولاش لەسلێمانی و هەولێر د.کەمال فوئاد ڕایگەیاند" کە ئێمە نووسینگە ناکەینەوە، بەڵکو مەڵبەندو لق دەکەینەوە.

دەربارەی مەسەلەی کۆبوونەوەی داهاتووی هەردوولاو ئەگەری بەرەوپێشترچوونی هەنگاوەکان د.ڕۆژ نوری شاوەیس وتی: تەصەور دەکەم لەو کاتەوەی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن ئیمزا کراوەو بەڕێزان کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال یەکتریان بینیوە لەو کاتەوە هەق وایە گەلی کوردستان بەئومێد بێت، بەئومێد بێت کە هەردوولا زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوە تا دەگەنە ئاشتی و ڕێککەوتنێکی سەرتاسەری، هیوام وایە کە ئومێدی گەلەکەمان زیاتر بێت.

لەوەڵامی پرسیاری هەڵوێستی هاوبەشی هەردوولا دەرهەق بەو گۆڕانکارییانەی کە لەعیراق چاوەڕێ دەکرێت، د.ڕۆژ نوری شاوەیس ڕونیکردەوە کە هەڵوێستی هەردوولا هاوبەشە ئێمە لەو بارەیەوە تەنسیق دەکەین لەچوارچێوەی کاری دیپلۆماسی دەرەوە، نوێنەرانمان لەدەرەوە ئاگایان لەیەکترییە کە هاودەنگ بن، هەردوولا بیر لەبەرژەوەندی گەل و نیشتمانی خۆمان دەکەینەوە

لەوەڵامی هەمان پرسیاریشدا د.کەمال فوئاد وتی: ئێمە هەر ساڵی پار لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە هاوهەڵوێست بین لەهەموو ڕووداوو پێشهاتەکان کە دێنەپێشەوەو چاوەڕوان دەکرێ ڕووبدەن.

لەکۆتاییشدا د.کەمال فوئاد لەڕوونکردنەویەکدا وتی: لەمەوبەر چەند ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە بڵاوکراونەتەوە ئێمە حەز دەکەین ئەوە ڕابگەیەنین کەتەنیا ئەو قسانەی کە لەلایەنی هەردوولامانەوە بڵاوکراونەتەوە ئەوانە جێگای بڕوان و ئێمە بەرپرسیارین بەرامبەری بەشێوەیەکی ڕەسمی، هەر قسەیەکی تر لەو بارەیەوەکرابێت ئێمە لێی بەرپرسیارنین، ئینجا ئەو قسانەی کەوا کراوە ڕەنگە قسەی ڕاستیشی تێدابێت، بەڵام قسەی هەڵەشی تێدایە، ئێمە حەز دەکەین ئەوە ڕابگەیەنین کە ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتووین کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ناوەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەو دەورەیەی کە دێتە پێشەوە دەورەیەکی ئینتیقالی دەبێت و ژمارەی کۆبوونەوەکانیش لەژمارە یەکەوە دەستپێدەکات.

**لەماکۆك شێخ محەمەدەوە**



